# ناسیۆنالیزم و پەنابەر

جەمال کۆشش

ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوەی بۆرژوازی لە سەدەی بیستەمدا، تاوانکارترین بزووتنەوەیە لەبەرامبەر ئینساندا بەگشتی وئینسانی پەنابەر بەتایبەت. ناسیۆنالیزمی کورد یەکێك لەنموونە هەرە بەرجەستەکانی ئەم نیوقەڕەنەی کۆتایی سەدەی بیستەمە. نەك تەنها لەبەرامبەر (غەیرە کورد ) ) بەڵکە لەبەرامبەر خودی ( (کورد زمانەکاندا) ) .

کاتێك لەشاخبوون وچەکداربوون، وازهێنان لە چەکداربوون وڕووکردنە دەوڵەتانی ئەوروپا بەنرخی تێکشکاندنی شەخسیەت وکەرامەتی ئینسانەکانی هاوسەنگەری دوێنییان تەواو دەبوو. دۆڕاو وپەککەوتەو تەسلیمبوو، مەسڵحەتخواز ودەیان بێڕێزی تر کە لەئەدەبیاتی نووسراوی ئەو دەمەدا زۆر ڕاشکاوانە هاتوون.

لەدەیەی نەوەدەکانەوەش کە ناسیۆنالیزمی کورد دەسەڵاتدارەتی کوردستانی بەدەستەوەیە، لەنێوخۆی کوردستاندا، بەکەرکوکیەکانی شارەکانی هەولێرو سلیمانی، بەعەرەبەکانی هەڵاتووی ناوچەکانی تری عیراق، بەئێرانیەکانی موعارەزەی جمهوری ئیسلامی، نامەسئول لەژیان وزیندەگیان ووەك سەرچاوەی نائەمنی وتابووری پێنجەم تەماشاکراون. لەئەورووپاش لەپێناو پاراستنی کورسیەکانیان لەدەسەڵاتی کوردستاندا، کەوتنە پیلانگێڕان لەپەنابەران ودەستیان لەگەڵ دەوڵەت ولایەنە ناسیۆنالیستەکانی ئەوروپا تێکەڵکرد بۆ دیپۆرتی پەنابەرانی عیراقی.

پەروەندەی نائینسانیانەی ناسیۆنالیزمی کورد لەبەرامبەر هاوزمانانی خۆیدا ڕەش وئەستوورە. جەلسەکانی پەرلەمانی پارتی لەسەر کێشەی پەنابەران، کارە تێکدەرانەکانی هۆڵەند، ئیمزاکۆکردنەوەکانی پەشیمانینووسی بۆ دەوڵەتی سویسرا، هەڕەشە لەکەس وکاری کوردستان ودروستکردنی باندی ترساندانی پەنابەران بۆبەشدارینەکردنی لەخۆپیشاندانەکان چەند پەڕەیەکی تەنکی ئەو مێژووەن. بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد بەتەنها لەحزبە سیاسیەکاندا خۆی ئارایشت نەداوە، بەڵکە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە بەدرك ودالّی جیاجیاوە. بەنووسەرو چەکدارەوە، بەفەیلەسوف وئاکتیفیستی سیاسیەوە، بەباندی تیرۆر ودەزگای تەبلیغاتییەوە. ئەمانە پێکەوە زامنی مانەوەی لاشەی ناسیۆنالیزم دەکەن بەسەر کۆمەڵگاوە.

بۆ هێشتنەوەی ناسیۆنالیزم خالێکی گرنگی تریش هەیە کە پێویستە لەسەر ئەم بزووتنەوەیە شەڕی بکات، بەرەنگاری بەرەیەك کە لەسەنگەری بەرگریکردن لەکەرامەت وژیانی ئینسانی پەنابەر وەستاوە. بەرەیەك کە ئەمڕۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆی تێدەکۆشن. ئەم شەڕو کێشمە کێشە لەسەر خودی کەرکوکیەکان وئێرانیەکان لەناوەوەی عیراق و لەبەرامبەر سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لەدەرەوەی وولات لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپاوە بەشوێن ڕووخانی حکومەتی بەعسدا دەرکەوتەوە.

لەبەرامبەر کەرکوکیەکاندا، مێژووی سوکایەتیکردن وئاوارەییکردنی ١١ ساڵی رابردوویان لەگەردنی خۆیان کردەوە وجاڕییان بۆ کوشت وکوشتاری عەرەبەکان لێدا، هەڵیانخراندن وپلانیانداڕشت وسەرپێچی ئیتفاقاتی نیوخۆشیانکرد بۆ بردنی ( (غەنیمەکان) ) ی کەرکوك، بۆ ئێرانیەکانیش هەموویانکردن بەپیاوی بەعس وحوکمی لەنێوبردنیان درا.

ناسیۆنالیستی کوردی هەندەرانیش باکی لە ژیان ومافەکانی پەنابەران نیە، ئەو دەیەوێ ڕێژەی کورد لەکەرکوك زیاد بکات، ئەو پێویستی بە دیپۆرتی هەزاران هەیە تا لەشەڕدا بەکوشتیانبدا ولەم نێوەدا ماف وژیان بۆ ئەندامانی نەتەوەیەك بەڕەوانابینێ لەکاتێکدا ئەو بەرنامەکەی هێشتا لەشەڕی تەعریب وتەکریدایە. ناسیۆنالیستێك کە داگیرکاری ئەمەریکا دەسەڵاتەکەی پاراستووە، مەنتقیە لەگەڵ راسیسترین سیاسەتی دەوڵەتانی ئەوروپا خۆیبگونجێنێ وپەنابەران راپێچی دیپۆرتکردنەوە بکەن. بەڵام مادام خودی ئەمەریکا خاوەنی عیراقە، پێویستە بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران دەوڵەتانی ئەوروپا نەلەگەڵ کاربەدەستانی کوردزمان بەڵکە لەگەڵ ئەمەریکا مامەڵە بکەن، بەوەی کە بەریتانیا وئوسترالیا هاوپەیمانی عەسکەری ئەمەریکا بوون لەشەڕدا، ئێستا ئەوان لەپێشهەموو دەوڵەتانی ئەورووپاوە پیادەی سیاسەتی دیپۆرت ولەئیسرارو وخۆئامادەکردنی زیاتردان. ناسیۆنالیزمی کورد لەم هەنگاوەشدا، دەستکەوتێکی بێبایەخی لەسیاسەتە نائینسانیەکانی گیردەکەوێت، قەڵەم بەدەستەکانیشی نەفرەتی مێژوو.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**